# Engineer Fee

بازاڕی بیناسازی لە ڕابووردو لە ئێستادا بە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ئابووری وولاّت لە عێراق و لە هەرێمی کوردوستان دا ئەژمار ئەکرێت، لەگەڵ ئەو هەموو گیرووگرفتانەش دا کە بەسەریدا هاتووە و ئەم دیاردەیەش نایەتە گۆڕان و ژیانی زۆرێک لە هاووڵاتیانیش لەسەری بەند ئەبێت.

لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکارییە تەکنیکییەی کە لە بواری بیناسازی دا هاتۆتە کایەوە، گیرووگرفتەکانی بوارەکە لە زیادبوون دایە. نەک بە تەنها تەکنیکی بیناسازی مۆدێرن ئاڵۆزتر بووە، بەڵکوو یاساکانی بیناسازیش بە بەراورد لەگەڵ پەنجا ساڵی پێشوودا گەشەیەکی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیوە، هەرچەندە ئەم پێشکەوتن و گۆڕانکاریانە بە شێوەیەکی گوونجاو گۆڕانکاری لە بواری مافی تاکەکەس دا نەهێناوەتە دی و هێشتا کار بە بڕگە و بەندەکانی یاسای مەدەنی عێراقی لە بواری یاسای کارکردن و یاسای پەیوەستنامە دا ئەکرێت.

هەموو ئەو هەوڵانەی کە تا ئێستا دراون بۆ گۆڕانی بارودۆخەکە شکستیان هێناوە و نەتوانراوە گۆڕانکاری بەرچاوی لە بەرژەوەندی تاکەکەسدا لێ بهێنرێتە دی.

لەبەر ئەم هۆیە، داواکارییەکان بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بەندەکانی یاسای کارکردن (عقود ألعمل) دا، بەشێوەیەک کە هەموو بەرژەوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان لە خۆ بگرێت، لە زیاد بوون دایە.

داواکارییەکانیش لە ئەنجامی ئەو پێویستییانەوە دێنە کایەوە، کە بە پێویست ئەزانرێت بۆ بەدی هێنانی یەکسانییەک لە نێوان بەرژەوەندییەکانی خاوەن پڕۆژە و ئەندازیاران دا، بەمەرجێک لەگەڵ مافە یاساییەکانی بیناسازی دا یەک بگرنەوە و پێچەوانەی ڕێنماییە یاساییەکان نەبن. لەبەر ئەم هۆیە پێویستە داواکارییەکان لەگەڵ مەرجەکانی پراکتیزە کردن دا بگوونجێنرێن.

ئەم داواکارییانەش تەنها ڕۆڵی ڕێنماییان هەیە و ناتوانن جێی یاسایەکی تایبەت بە بوارەکە بگرنەوە و خاوەن پرۆژەکان تەنها و تەنها لێپرسراو ئەبن بە داواکارییەکانەوە، ئەگەر لە پەیوەستنامەکانیان دا مەرجەکان و پێویستی جێبەجێ کردنیان بە نووسراو بخرێنە ڕوو.

خاوەن پڕۆژەش پەیوەست ئەبێت بەم مەرجانەوە، کاتێک واژووی خۆی ئەخاتە سەر پەیوەستنامەکە.

بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پێش هەموو شتێک لە پەیوەستنامەکەدا، ئەو ئەرکانە جێگیر بکرێن کە پێویستن لە سەر شانی کۆمپانیا بۆ جێبەجێکردنیان. لەبەر ئەوە پێویستە خاوەن پڕۆژە

هەموو ئەو بڕگانە (Item) لە تەندەرێک (Tender) دا بنووسیێتەوە و بیخاتە بەر دەم کۆمپانیاکان، بۆ پڕکردنەوە و پێشکەش کردنی عەرضەکانیان (offer).

پڕکردنەوەی تەندەرەکان و پێشکەشکردنی عەرضەکان لە لایەن کۆمپانیاکانەوە ئەبنە هۆی دانانی بەردی بناغەی پەیوەستنامەکان کە لە دواییدا لە نێوان خاوەن پرۆژەکان و کۆمپانیای جێبەجێکار دا، ئەبەسترێن و ئیمزا ئەکرێن. لەبەر ئەوە دروستکردنی تەندەر و خستنە بەردەمی کۆمپانیاکان کارێکی پێویستە لەبەردەم خاوەن پرۆژەدا، دوای وەرگرتنی ئیجازەی بینا و پێش دروستکردنی بینا.

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە یاسایەک بۆ پڕکردنەوەی تەندەر دەربچێت، کە تیایدا ڕێڕەو و چێوەکەی دیاری بکرێت، کە بەهۆیەوە بڕگەکانی ناو تەندەرەکە لەسەر شێوەی فەهرەستێک بەجۆرێک دابرێژرێت، کە کۆمپانیاکان کاتێک عەرضەکانیان پێشکەش ئەکەن، هەموو وەک یەک لە هەموو بڕگەکانی ناو تەندەرەکە تێبگەن و نرخەکانیان بۆ بڕگەکان بەبێ هیچ کێشەیەکی چاوەڕوان کراو، ئەژمار بکەن. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە خاوەن پرۆژە هەموو ئەو نەخشە و (Plan) و (Detail) انە بخاتە بەر دەم، کە بۆ پڕکردنەوەی تەندەرەکان پێویستن.

ئەگەر خاوەن پرۆژە ئەم کارەی بەجێ هێنا، کۆمپانیاکان تووشی قەیران و کێشەی دارایی نابن، بە پێچەوانەوە ئەگەر بەجێی نەهێنا، کۆمپانیاکان بەرپرسیار نابن لە جێبەجێ نەکردنی ئەو بڕگانەی کە لەگەڵ عەرضەکانیان دا یەک ناگرنەوە و پێویستیان بە بڕگەی زیادکراو (additional Items) هەیە، کە دوای نرخ دانان لەسەریان و ئیمزا کردنیان لە لایەن خاوەن پرۆژەوە، ئەکەونە بواری جێبەجێکردنەوە.

بۆ کاری ئەنجام دراو لە لایەن کۆمپانیاوە، ئەندازیاری پرۆژەکە (کە لە لایەن خاوەن پرۆژەوە ئەرکی لێپرسراوێتی پێدراوە) دەرخستەی کۆتایی بۆ کارەکە ئەنجام ئەدات، ئەویش بە پێوانی هەموو ڕووبەرێک بە (م$^2$) و قەبارەیەک بە (م$^3$) و درێژییەک بە (م) و ژمارەی پارچە، وە لێکدانی ئەم دۆزراوانە بەو نرخانەی کە کۆمپانیا لە تەندەرەکەیدا جێگیری کردووە و لە لایەن خاوەن پرۆژەوە ئیمزا کراوە، بۆ دۆزینەوەی نرخی تێچووی کارەکە.

لەبەر ئەم هۆیانە پێویستە لەسەر خاوەن پرۆژە، تەندەر بە شێوەیەکی **چڕوپڕ** و **بە کاملی و بێ لێکتێنەگەیشتن** (without misunderstand) بخاتە بەر دەم کۆمپانیاکان بۆ جێبەجێ کردنی کاری دروستکردن. ئەو نرخانەش کە کۆمپانیا ئەیخاتە سەر بڕگەکان بە نرخی چەسپاو دائەنرێن بەبێ گوێدانە بەرزبوونەوە و دابەزینی نرخی کەرەستە و حەقی دەست لە بازاڕدا. لەم کاتەدا کۆمپانیا خۆی لێپرسراو ئەبێت لە زەرەر و قازانجی کارەکەی.

Saiwani

له کاتی زیادکردنی ژمارەی برگەکان و ڕووبەر و قەبارەکانیان بەهۆی گۆڕانکاری لە پڕۆژەکەدا لە لایەن خاوەن پڕۆژەوە، نرخە جێگیر کراوەکانی تەندەرەکە نایەنە گۆڕان، بەڵکو تەنها پارەی تێچووی کارەکە بەهۆیەوە زیاد ئەکات.

## ( جۆرەکانی تەندەر )

1. (official Tendering)

لێرەدا پڕۆژەکان ئەکرێن بە تەندەر و کۆمپانیا و نووسینگە ئەندازیارییەکان بە شێوەی ڕەسمی بانگهێشت ئەکرێن بۆ پڕکردنەوەی تەندەرەکان و دانانی نرخ لەسەر برگەکانی تەندەرەکە و پێشکەشکردنی (Offer) ەکانیان بە خاوەن پڕۆژە.

2. (Special Tendering)

لێرەدا پڕۆژەکان ئەکرێن بە تەندەر و تەنها ژمارەیەک لە کۆمپانیاکان و نووسینگە ئەندازیارییەکان بە شێوەی ڕەسمی بانگهێشت ئەکرێن بۆ پڕکردنەوەی تەندەرەکان و دانانی نرخ لەسەر برگەکانی تەندەرەکە و پێشکەشکردنی (Offer) ەکانیان بە خاوەن پڕۆژە.

3. (Free Tendering)

لێرەدا تەندەرەکان بەدەستی ئەدرێن بە کۆمپانیاکان و نووسینگە ئەندازیارییەکان بە بێ ناردنی فۆرمی تایبەت و نووسراوی ڕەسمی و داوای پێشکەشکردنی (Offer) یان بۆ پڕۆژەکان لێ دەکەن.

**جۆری یەکەم ڕێپێدراو ئەبێت، ئەگەر:**

جۆر و شێوەی دروستکردنی پڕۆژەکان وەها بخوازن و ڕێگری لە بەردەمیان دا پەیدا نەبێت.

**جۆری دووهەم ڕێپێدراو ئەبێت، ئەگەر:**

أ - شێوە ڕەسمییەکە بۆ خاوەن پڕۆژەکان کێشە دروست بکات و لە بەرژەوەندی پڕۆژەکانیاندا نەبێت،

ب - شێوە ڕەسمییەکە ئەنجامی نەبووبێت و کۆمپانیا و نووسینگە ئەندازیارییەکان (Offer) ی خۆیان بۆ پڕۆژەکان، پێشکەش نەکردبێت.



Saiwani

ت - شێوە ڕەسمییەکە لەبەر چەند هۆیەک نەگونجاو بێت لەبەر نەبوونی کات یان هێشتنەوەی پرۆژەکە بە نهێنی.

ث - جێبەجێکردنی پرۆژەکە ئەتوانرا تەنها لە لایەن ژمارەیەک لە کۆمپانیاکان و نووسینگە ئەندازیارییەکانەوە ئەنجام بدرێت، ئەویش بەهۆی شارەزایی و هەبوونی تەکنیکی تایبەتی و ئامێری پێشکەوتوو.

### جۆری سێهەم ڕێپێدراو ئەبێت، ئەگەر:

شێوە ڕەسمییەکە و شێوە تایبەتەکەی تەندەرەکان بێهوودە بن لە کاتێکدا ئەگەر:

أ - جۆری دروستکردنەکە تەنها بە چەند کۆمپانیایەکی شارەزا جێبەجێ بکرێت، لەبەر هەبوونی ئامێری تایبەت و پێشکەوتووو بۆ ئەنجام دانی پرۆژەکە.

ب - جۆر و شێوەی دروستکردنەکە تەندەر نەخوازێت و کاری تەندەرین ئاسان نەبێت.

ت - پێویست بکات، کە کاری دروستکردنەکە بە زوویی ئەنجام بدرێت.

ث - کۆمپانیاکان و نووسینگە ئەندازیارییەکان بە شێوەی ڕەسمی و بە شێوەی تایبەت، (Offer)ەکانی خۆیان بۆ پرۆژەکە پێشکەش نەکردبێت.

## ( إحالە کردنی تەندەر )

- پرۆژەی دروستکردن پێویستە بە شێوەیەک إحالە بکرێت بۆ کۆمپانیاکان یان نووسینگە ئەندازیارییەکان، بە مەرجێک هەموو کارەکان یان کارە هاوشێوەکانی وەکوو کاری کۆنکرێت و بەردکاری، بە شێوەیەکی جیانەکراوە لە تەندەرەکان دا جێگیر کرا بێت.
- کارە جیاوازەکان (بەدەر لە کاری کۆنکرێت و بەردکاری)، ئەتوانرێت بدرێن بە کۆمپانیا و نووسینگە ئەندازیارییە جیاوازەکان بە مەبەستی جێبەجێکردن، وەک کاری گەچکاری کردنی سەقف و دیوار، یان کاری خشتی کاشی، ئەویش بە پێی شارەزایی کۆمپانیا و نووسینگەکان.

Saiwani

# ( ڕێسا بۆ دروستکردنی خشتەی نرخ دیاریکردن بۆ کاری ئەندازیاری )

1- هەرێمی کوردستان **تەنها دامەزراوەیە** بە دەرکردنی یاسایەک بۆ دیاریکردنی نرخی کاری ئەندازیار بە شێوەیەکی یەکسان بۆ جێبەجێکردنی کاری ئەندازیاری لە بوارە جیاجیاکان دا. لە یاساکەدا نرخی دیاریکراو پەیوەست ئەبێت بۆ:

أ- ئامۆژگاری کردنی خاوەن پرۆژە بە شێوەیەکی ئەندازیارییانە،
ب- بۆ پلان دانان و جێبەجێکردنی کاری پلاندانانی پرۆژەکان،
ج- بۆ ئەنجام دانی کاری پلاندانانی عومرانی شاروشارۆچکەکان و هتد.

2 - پێویستە لە دیاریکردنی نرخ دا بۆ ئەندازیار، نزمترین نرخ و بەرزترین نرخ بۆ ئەنجامدانی کارە ئەندازیارییەکان دیاری بکرێن بە شێوەیەک، کە لەگەڵ تێچووی کاتی تەرخانکراو بۆ کارەکە لە لایەن ئەندازیارەوە و دابینکردنی پێویستییەکانی کارەکە لە ئامێر و وێنەی فۆتۆگرافی و وەرگرتنی سامپڵ و گەلەهای تریش، بۆ ئەنجامدانی کارەکە بە شێوەیەکی ڕاست و درووست، بگوونجێت.

3 - لە یاساکەدا پێویستە ئەم خاڵانە جێگیر بکرێن:

- کەمترین نرخ بۆ کارەکە ئەتوانرێت تێبپەڕێنرێت و لە پەیوەستنامەکە دا جێگیر بکرێت.
- بەرزترین نرخ بۆ کارەکە ئەتوانرێت تەنها لە کاتێکدا تێبپەڕێنرێت، ئەگەر ئەندازیار کاتێکی زیاتری پێویست بێت بۆ جێبەجێکردنی کارە ئەندازیارییەکە.
- نزمترین نرخ بۆ کارە ئەندازیارییەکە لە پەیوەستنامەکەدا ئەچەسپێت، ئەگەر تیایدا هیچ مەرجێکی تر جێگیر نەکرابێت.

## بەشی یەکەم:
## ڕێسای هەمەرەنگ

### مادەی یەکەم: بواری ڕێساکە

خاڵەکانی ئەم یاسایە بۆ ئەژمار کردنی پارەی ئەندازیاری (Engineer Fee) بیناکار و ئەندازیاری تەلارسازە بۆ جێبەجێکردنی کاری ئەندازیاری.

Saiwani

## مادەی دووەم: کارە ئەندازیارییەکان (إنجازات)

خۆی لە کاری بنەڕەتی و کاری تایبەت دا ئەبینێتەوە.

**کاری بنەڕەتی:** هەموو ئەو کارە ئەندازیاریانە ئەگرێتەوە، کە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە پێویستن بە شێوەیەکی ڕاست و درووست. کارە ئەندازیارییەکانیش بە پێی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنیان دیاریکراون.

**کاری تایبەت:** ئەچنە پاڵ کاری بنەڕەتی، ئەگەر داواکاری تایبەت بۆ پرۆژەکە جێبەجێ بکرێت، کە لە کاری بنەڕەتیدا نەبن و ببنە هۆی گۆڕانی پرۆژەکە. ئەم کارە زیادانەش لە ناو تەندەرەکەدا دەست نیشان نەکراون و ئەخرێنە سەر برگەکانی.

## مادەی سێهەم: زاراوەکان

أ- **Objects** بینا و شێوەی درووستکردن ئەگرنەوە، کە لەسەر ڕووبەرێک زەوی درووست ئەکرێن.

ب- **بینای تازە** ئەو بینایانەن کە تازە درووست ئەکرێن یان تازە درووست ئەکرێنەوە.

ج- **درووستکردنەوە** ئەو بینایانە ئەگرێتەوە کە لەجیاتی بینای ڕووخاو لەسەر هەمان پارچە زەوی درووست ئەکرێنەوە. ئەگەر بیناکان پلانی تازەیان بۆ بکێشرێت بە بینای تازە ئەژمار ئەکرێن.

ت- **فراوان کردن** تەواو کردنی بینای درووستکراو ئەگەیەنێت، بۆ نمونە وەک زیادکردنی ڕووبەری بینا لە تەنیشتەکانەوە یان درووستکردنی نهۆمی تازە لە سەر نهۆمە درووستکراوەکان.

ح- **تەرمیم کردن** گۆڕانکاری چاوەڕوانکراوە لە بەشە ڕاگر و ناڕاگرەکانی بینای درووستکراو دا.

## مادەی چوارهەم: حازرکردنی (Fee)

1 - پارەی ئەندازیار بە پێی ڕێکەوتن ئەبێت لە نێوان ئەندازیاری جێبەجێکار و خاوەن پرۆژە دا بە نووسراو و ئیمزای هەردوولایان و بە پێی ڕێنمایی برگەکانی ئەم یاسایە لە دیاریکردنی بەرزترین و نزمترین نرخ بۆ کارە ئەندازیاییەکە.

2 - نزمترین نرخ بۆ کارە ئەندازیارییەکە ئەتوانرێت کەم بکرێتەوە، ئەگەر لە پەیوەستنامەکە دا جێگیر کرابێت.



Saiwani

3 - بەرزترین نرخ بۆ کارە ئەندازیارییەکە ئەتوانرێت زیاد بکرێت، ئەگەر کاتی تێچوو بۆ جێبەجێکردنی کارەکە، لە ماوەی دیاریکراوی خۆی زیاتر بخایەنێت و ئەم خاڵەش لە پەیوەستنامەکەدا بە نووسراو لە لایەن ئەندازیار و خاوەن پرۆژەوە جێگیر کرابێت.

4 - ئەگەر هیچ مەرجێک بۆ پارە دانی ئەندازیاری جێبەجێکار لە پەیوەستنامەکە دا جێگیر نەکرا بوو، نزمترین نرخ بۆ کارە ئەندازیارییەکە جێگیر ئەکرێت.

## مادەی پێنجەم: ترازان لە مادەی چوارەم

هەردوو لا ئەندازیار و خاوەن پرۆژە ئەتوانن بۆ کارە ئەندازیارییەکە بە شێوەی نووسراو، یەکی تر لەسەر رۆشنایی کارە ئەندازیارییەکە دیاری بکەن و پارەکەش بە شێوەی (Fee) سولفە بدرێت بە ئەندازیارەکە بە گوێرەی بەرەوپێشچوونی کارەکە لە پرۆژەکە دا. بۆ کاری إضافی کە هۆکارەکەی ئەندازیاری جێبەجێکار لێپرسراو نەبێت لێی، پێویستە خاوەن پرۆژە بە هەمان شێوە پارەی ئەندازیار بدات.

## مادەی شەشەم: ئەژمار کردنی (Fee)

ئەژمار کردنی (Fee) بە پێی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی دروستکردنی پرۆژەکە ئەبێت. هەنگاوەکانیش بریتین لە ئامۆژگاری کردنی خاوەن پرۆژە و تەقدیر کردنی نرخی تێچووی پرۆژە و بە تەندەرکردنی پرۆژە و دیزاین و تەصمیم کردنی إنشائی و چێک کردن و کۆنترۆڵ کردنی کاری دروستکردنی پرۆژەکە.

## مادەی حەوتەم: (Interpolation)

ئەگەر دیاریکردنی قورسی کارە ئەندازیارییەکە لە نێوان رێژەی دوو زۆنی خشتەکان دا بوو، ئەوا هەر دوو رێژەکە کۆ ئەکرێتەوە و دابەشی دوو ئەکرێت و لێک ئەدرێت بە نرخی تێچووی پرۆژەکە. بەم شێوەیە پارەی ئەندازیاری جێبەجێکار دیاری ئەکرێت.

## مادەی هەشتەم: (Time Fee)

ئەگەر هاتوو ئەندازیار بە شێوەیەکی کاتی بۆ کارێکی ئەندازیاری لە پرۆژەیەکدا دەستبەکار بوو بۆ نموونە وەک (Supervisor)، ئەوا پارەکەی بە شێوەیەکی عەقدی کاتی ئەبێت یان بە (دۆلار / کاتژمێر)ی کار ئەژمار ئەکرێت. واتە بۆ هەموو کاتژمێرێکی کار، ئەندازیار ئەوەندە دۆلاری پێئەدرێت. ئەگەر هاتوو ئەندازیار بەم شێوەیە دەستبەکار بوو، ئەوا ئەم پارانەی بۆ حساب ئەکرێت:

Saiwani

- پارەی خۆی بە دۆلار / کاتژمێر.
- پارەی یاریدەدەرەکانی بە  دۆلار / کاتژمێر.
- پارەی رەسام هەندەسی بە دۆلار / کاتژمێر.
- پارەی سەفەر و هاتووچۆ، ئەخەملێنرێت.
- پارەی فەحصی سامپلی کەرەستەی بینا، ئەخەملێنرێت.
- پارەی وێنەی فۆتۆگرافی بۆ پرۆژەکە، ئەخەملێنرێت.

## مادەی نۆهەم: پێدانی (Fee) بە ئەندازیار

- پارەی ئەندازیار ئەبێت بدرێت، ئەگەر کارەکەی بە ئەنجام گەیاند و بە نووسراو خستیە بەردەم خاوەن پرۆژە بۆ چێک کردنەوە و رازی بوون لە سەری.
- خاوەن پرۆژە ئەتوانێت بە پێی پێشکەوتنی کاری دروستکردن لە پرۆژەکە دا، سولفەی نایەکسان بدات بە ئەندازیاری کارەکە لە کاتی جیاواز جیاواز دا.
- بە پێی ریکەوتن پێویستە خاوەن پرۆژە ئەو پارانەی کە بۆ جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی دروستکردنی پرۆژەکە دانراون، بدات بە ئەندازیاری کارەکە، بە مەرجێک هیچ خاڵێک دژ بەم کارە لە پەیوەستنامەکە دا جێگیر نەکرابێت.

Saiwani

# بەشی دووهەم:
# (Fee) ئەندازیار بۆ درووستکردنی بینا و خانوو

## مادەی دەهەم: دیاریکردنی (Fee) بۆ ئەندازیار

1 -ئوجرەی ئەندازیار بۆ درووستکردنی بینا و خانوو و لقەکانیان ئەخەملێنرێت بە **نرخی تێچووی پرۆژەکە** لە ژێر ڕۆشنایی تەندەری حازرکراو ادا بۆی. خەملاندنەکەش بۆ وەرگرتنی پرۆژەکە یە لە خاوەن پرۆژە، بۆ کێشانی نەخشەی سەرەتاییە، بۆ خەملاندنی نرخی تێچووی پرۆژەکەیە، بۆ دۆزینەوەی نرخی تێچووی پرۆژەکەیە، بۆ شیکردنەوەی ئینشائی یە، بۆ ئیشراف کردنی پرۆژەکەیە و بۆ کۆنترۆڵە کردنی سولفە و نرخی تێچووی کۆتایی پرۆژەکەیە.

2 -نرخی تێچووی پرۆژەکە بەندە بە نرخی کەرەستەی بینا و ئوجرەی کارەوە بە نرخی ڕۆژ لە کاتی دەستپێکردن بە درووستکردنی پرۆژەکە. نرخەکەش بۆ ئەم خاڵانە جێگیر ئەکرێت:

- نرخی هەیکەلی بیناکە یان خانووەکە.
- نرخی تێچوو بۆ کاروباری زەوی لە درووستکردنی دیواری ڕاگر و پایڵ و مەحکەم کردنی زەوی (Injuction) و هتد.
- نرخی تێچوو بۆ پلاندانانی قەدەغە کردنی گوێزانەوەی دەنگ بۆ ناو بیناکە، بە کەڵکە کردنی گڵ و بەربەست لە کەرەستەی بینا.
- نرخی تێچوو بۆ درووستکردنی ڕێگا بۆ هاتووچۆی زەوییەکە لە ناو زەوییەکە دا.

3 -ئەو نرخانەی کە ناچنە ناو نرخی تێچووی پرۆژەکەوە ئەمانەن:

- نرخی زەوییەکە و نرخی پاککردنەوەی زەوییەکە و حازرکردنی بۆ پرۆژەکە.
- نرخی ڕاکێشانی ئاووئاوەڕۆ و زێراب بۆ زەوییەکە.
- نرخی ڕاکێشان و قیرتاو کردنی جادەی هاتووچۆ بۆ زەوییەکە.
- نرخی هەموو ئەو ئامێرانەی کە لە دەرەوەی بیناکە لە ناو زەوییەکەدا دائەنرێن وەکو ئامێری مولیدەی کارەبایی و هەیکەلی ناو باخچە و هتد.
- نرخی ڕاکێشانی هێڵی تەلەفۆن و ئنتەرنێت و لاسلکی بۆ ناو بیناکە.

## مادەی یانزدەهەم: زۆنەکانی (Fee) بۆ دروستکردنی بینا و خانوو

**1- زۆنی یەکەم:** هەتا (10) خاڵ بۆ ئەم زۆنە دیاریئەکرێت.

ئەم زۆنە کوشکی پچووک و کانۆپی و چەرداغ و کەپر و قادرمەی دار و مەدرەجی پچووک و لەم شێوانە ئەگرێتەوە، کە دروستکردنیان زۆر ئاسانە.

داواکاری بۆ بیناو خانوو دروستکردن لەم زۆنە دا کێشەیەکی ئەوتۆ نییە، لە بەر ئەم هۆیانە:

أ - پلاندانان (Design und Planning) یان، ئاسانە بۆ ئەندازیار، نزیکەی (3) خاڵ.
ب -(Construction) ەکەیان، ئاسانە، تاکو (3) خاڵ.
ت -(Facad Construction) یان، ئاسانە، تاکو (2) خاڵ.
ث -(Finishing) بۆیان، ئاسانە، تاکو (2) خاڵ.

**2 - زۆنی دووهەم:** لە (11 بۆ 18) خاڵ بۆ ئەم زۆنە دیاری ئەکرێت.

ئەم زۆنە خانووی نیشتەجێبوون و گەراجی ماڵان و پارکی سەیارە و خانووی شووشەیی و هۆڵی داخراوی یەک نهۆمی و وەرشەی میکانیکی پچووک بە بێ کرێن و مەخزەن و لەم شێوانە ئەگرێتەوە.

داواکاری بۆ بیناو خانوو دروستکردن لەم زۆنە دا ئاسانە، لە بەر ئەم هۆیانە:

ج - پلاندانان (Design und Planning) یان، قورسییەکی ئەوتۆی تێدا نییە، تاکو (3) خاڵ.
ح - (Construction) ەکەیان، ئاسانە، تاکو (2) خاڵ.
خ - (Facad Construction) یان، ئاسانە، تاکو (2) خاڵ.
د - (Finishing) بۆیان، ئاسانە، (1) خاڵ .
ذ - (Function)ی بیناکان ئاڵۆز نین، تاکو (3) خاڵ.

**3 - زۆنی سێهەم:** لە (19 بۆ 26) خاڵ بۆ ئەم زۆنە دیاریئەکرێت.

ئەم زۆنە خانوو و بینای نیشتەجێبوون و ڕەوضەی منداڵان و سەنتەری گەنجان و قوتابخانەی سەرەتایی و دائیرەی فەرمانڕەوایی و خەڵوەتگەی پیران و بینای حەوانەوە و بینای پیشەسازی وورد و چاپخانە و بینای ساردکردنەوە و بینا بۆ نووسینگە و دووکان و سەنتەرەکانی ناو بازاڕ و چێشتخانەکان و تەلاری هونەر و بینای مەڵبەندی ئاگرکوژاندنەوە و کلینیکی پچووک و هۆڵی وەرزش و لەم شێوانە ئەگرێتەوە.

Saiwani

داواکاری بۆ بیناو خانوو درووستکردن لەم زۆنە دا قورسییەکی ئەوتۆی تێدا نابینرێت لەبەر ئەم هۆیانە:

ر - پلاندانان (Design und Planning) یان، زۆر قورس نییە، تاکو (5) خاڵ.
ز - (Construction) ەکەیان، بێ کێشەیە بۆ ئەندازیار، تاکو (4) خاڵ.
س - (Facad Construction) یان، کێشە بۆ ئەندازیار درووست ناکات، تاکو (3) خاڵ.
ش - (Finishing) بۆیان، ئاساییە، تاکو (2) خاڵ.
ص -(Function)ی بیناکان زۆرن بەڵام ئاڵۆز نین، تاکو (5) خاڵ.

**4 - زۆنی چوارهەم:** لە (27 بۆ 34) خاڵ بۆ ئەم زۆنە دیاریئەکرێت.

ئەم زۆنە بینای بەرز بۆ نیشتەجێبوون و خانووی نیشتەجێبوون کە پلاندانانی ئاڵۆز و هەمەچەشنە و وەرشەی میکانیکی گەورە و بینای پیشەسازی بۆ درووستکردنی جۆرەکانی خواردنەوە و میتاڵ و سەیارە و پارچەی پلاستیکی و قوتابخانە بێجگە لە سەرەتایی و کتێبخانە و زانکۆ و پەیمانگا و هۆڵی لابۆر و ئوتێل و بانق و بینای دادگا و مزگەوت و خەستەخانەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە و هۆڵی بۆنە و کۆبوونەوەکانی هاووڵاتیان و بینای مەلەوانگە و وەرزشگا بە گشتی و لەم شێوانە ئەگرێتەوە.

داواکاری بۆ بیناو خانوو درووستکردن لەم زۆنە دا قورسییەکی تێدا ئەبینرێت لەبەر ئەم هۆیانە:

ض - پلاندانان (Design und Planning) یان، قورسە، تاکو (7) خاڵ.
ط - (Construction) ەکەیان، کێشە بۆ ئەندازیار درووست ئەکات، تاکو (5) خاڵ.
ظ - (Facad Construction) یان، پێویست بە پلانی درووست ئەکات، تاکو (5) خاڵ.
ع - (Finishing) بۆیان، ئاسان نییە، تاکو (3) خاڵ.
غ - (Function)ی بیناکان زۆرن و ئاڵۆزن، تاکو (7) خاڵ.

**5 - زۆنی پێنجەم:** لە (35 بۆ 42) خاڵ بۆ ئەم زۆنە دیاریئەکرێت.

ئەم زۆنە خەستەخانەکان ئەگرێتەوە کە لە پلانەکانیاندا هەموو بیناکانی سەر بە پسپۆرییە ووردەکانی تێدایە و خەستەخانەی زانیاری زانکۆیی و بینای بەرز کە پارچە ڕاگرەکانی لە شێلمان درووست ئەکرێن و کارگەی درووستکردنی خەڵوز و ستۆدیۆی ڕادیۆ و بینای تەلەفزیۆن و بینای شانۆگەری وبینای کۆنسێرت و بینای تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەی زانیاری و لەم شێوانە ئەگرێتەوە.

داواکاری بۆ بیناو خانوو درووستکردن لەم زۆنە دا قورسییەکی بەرچاوی تێدا ئەبینرێت لەبەر ئەم هۆیانە:

ف - پلاندانان (Design und Planning) یان، زۆر قورسە، تاکو (9) خاڵ.

ق - (Construction) ەکەیان، کێشەیەکی زۆر بۆ ئەندازیار درووست ئەکات، تاکو (6) خاڵ.

ک - (Facad Construction) یان، پێویست بە پلانی جۆراوجۆر هەیە، تاکو (6) خاڵ.

ل - (Finishing) بۆیان، کێشەدارە، تاکو (6) خاڵ.

م - (Function)ی بیناکان زۆرن و ئاڵۆزن و کێشە دارن، تاکو (9) خاڵ .

## بەشی سێهەم:

## (Fee) ئەندازیار بۆ درووستکردنی (Objects)ی سەربەرەڵا

### مادەی دوانزدەهەم: دیاریکردنی (Fee) بۆ ئەندازیار

**1- زۆنی یەکەم:** هەتا (8) خاڵ بۆ ئەم زۆنە دیاریئەکرێت.

ئەم زۆنە تەختکردنی زەوی و پەرژێن و چیمەنی یاری و رووبەری تەرخانکراو بۆ چەندەها جۆری وەرزش و لەم شێوانە.

داواکاری بۆ درووستکردنی ئەم جۆرە جیسمانە کێشەیەکی ئەوتۆ نییە، لە بەر ئەم هۆیانە:

أ- پلاندانان (Design und Planning) یان، ئاسانە بۆ ئەندازیار، نزیکەی (2) خاڵ.

ب- صیانە و ئیدامە کردنیان کات و توانیەکی ئەوتۆی ناوێت، نزیکەی (2) خاڵ.

ت- تەنها یەک (Function) یان هەیە، نزیکەی (1) خاڵ.

ث- گوونجاندنیان لەگەڵ ناوچەکەدا ئاسانە، نزیکەی (2) خاڵ.

ج- ئامێری ئاووئاوەڕۆ یان نییە یان ئاسانە، (1) خاڵ.

Saiwani

**2- زۆنی دووهەم: لە** (9 تا 15) خاڵ بۆ ئەم زۆنە دیاریئەکرێت.

ئەم زۆنە تەختکردن و حازرکردنی زەوی بۆ ڕووبەرێکی بەتاڵ یان بۆ زەوییەک کە بینای لەسەر درووست کرابێت و بە سەوزایی کردنی زەوی و گۆڕەپانی یاری جۆراوجۆر و چاندنی درەخت و ڕێکخستنی زەوی لێژ و لەم شێوانە ئەگرێتەوە.

درووستکردنی ئەم جۆرە جیسمانە بۆ ئەندازیار ئاسانە، لە بەر ئەم هۆیانە:

ح- پلاندانان (Design und Planning) یان، ئاسانە، نزیکەی (4) خاڵ.

خ- صیانە و ئیدامە کردنیان کات و توانیەکی ئەوتۆی ناوێت، نزیکەی (3) خاڵ.

د- چەند (Function) یکی کەمیان هەیە، نزیکەی (3) خاڵ.

ذ- گوونجاندنیان لەگەڵ ناوچەکەدا ئاسانە، نزیکەی (4) خاڵ.

ر- درووستکردنی ئامێری ئاووئاوەڕۆ بۆیان ئاسانە، (2) خاڵ.

**3- زۆنی سێهەم: لە** (16 تا 22) خاڵ بۆ ئەم زۆنە دیاریئەکرێت.

ئەم زۆنە ڕێکخستنی ڕووبەری زەوی موڵکی هاووڵاتیان و موڵکی میری کە بینا و خانوویان لەسەر درووست کراوە و بە سەوزایی کردنی ڕووبەری ئەملاولای جادە و شەقامەکان کە ئیدامە و صیانەی زۆریان پێویستە و زەوی تەرخانکراو بۆ قەبرسان و وەرزشگا و ڕووبەری تایبەت بۆ کەمپ و سەیرانگا و باغچەی جۆراوجۆر و لەم شێوانە ئەگرێتەوە.

درووستکردنی ئەم جۆرە جیسمانە بۆ ئەندازیار گرانییەکی ئەوتۆی تێدا نییە، لە بەر ئەم هۆیانە:

ز- پلاندانان (Design und Planning) یان، ئاسانە، نزیکەی (6) خاڵ.

س- صیانە و ئیدامە کردنیان کات و توانایەکی ئەوتۆی ناوێت، نزیکەی (3) خاڵ.

ش- چەند (Function) یکیان هەیە، نزیکەی (4) خاڵ.

ص- گوونجاندنیان لەگەڵ ناوچەکەدا کەمێک گرانە، نزیکەی (6) خاڵ.

ض- درووستکردنی ئامێری ئاووئاوەڕۆ بۆیان ئاسان نییە، (3) خاڵ.

**4- زۆنی چوارهەم:** لە (23 تا 29) خاڵ بۆ ئەم زۆنە دیاریئەکرێت.

ئەم زۆنە ڕێکخستنی ڕووبەری زەوی موڵکی هاووڵاتیان و موڵکی میری کە بینا و خانوویان لەسەر درووست کراوە و تۆپۆگرافییەکانیان تایبەتە و بە سەوزایی کردنی ڕووبەری ئەملاولای شەقامەکانی هاتووچۆ و چاندنی سەربانی ماڵان بە چیمەن و درەختی جۆراوجۆر و بە سەوزایی کردنی گۆڕەپانی وەرزشگاکان و سەیرانگاکان و گۆڕەپانی یاری گۆڵف و پارکی سەوزایی و قەبرسانی گەورە و باغچەی قوتابخانەکان و لەم شێوانە ئەگرێتەوە.

Saiwani

درووستکردنی ئەم جۆرە جیسمانە بۆ ئەندازیار گرانە، لە بەر ئەم هۆیانە:

ط- پلاندانان (Design und Planning) یان، ئاسانە نییە (7) خاڵ.

ظ- صیانە و ئیدامە کردنیان کات و توانیەکی زۆری ئەوێت (5) خاڵ.

ع- چەند (Function) یکیان هەیە، نزیکەی (5) خاڵ.

غ- گوونجاندنیان لەگەڵ ناوچەکەدا کەمێک گرانە، نزیکەی (7) خاڵ.

ف- دروستکردنی ئامێری ئاووئاوەڕۆ بۆیان ئاسان نییە، (5) خاڵ.

**5- زۆنی پێنجهەم:** لە (30 تا 36) خاڵ بۆ ئەم زۆنە دیاریئەکرێت.

ئەم زۆنە ڕێکخستنی ڕووبەری باغچەی ماڵان و شوێنە تایبەتەکان ئەگرێتەوە کە چاوەڕوانی ڕێکوپێکی یەکی زۆری لێئەکرێت و بە سەوزایی کردنی سەربانی ماڵان و ڕێکخستنی ڕووبەری زەوی ناوچە کلتوورییەکان و کەلەپوورییەکان و باغچەی ئاژەڵان و لەم شێوانە ئەگرێتەوە.

دروستکردنی ئەم جۆرە جیسمانە بۆ ئەندازیار گرانییەکی وری تێدایە، لە بەر ئەم هۆیانە:

ق- پلاندانان (Design und Planning) یان، قورسە، نزیکەی (9) خاڵ.

ک- صیانە و ئیدامە کردنیان کات و توانیەکی بەرچاوی ئەوێت، نزیکەی (6) خاڵ.

ل- گەلەها (Function) یان هەیە، نزیکەی (6) خاڵ.

م- گوونجاندنیان لەگەڵ ناوچەکەدا کەمێک گرانە، نزیکەی (9) خاڵ.

ن- دروستکردنی ئامێری ئاووئاوەڕۆ بۆیان کێشەیە، نزیکەی (6) خاڵ.

Saiwani

# بەشی چوارهەم:
# ئەندازیار بۆ تەرمیم کردن و گۆڕانکاری لە بینادا (Fee)

## مادەی سیانزەهەم: دیاریکردنی (Fee) بۆ ئەندازیار

1 - **زۆنی یەکەم:** هەتا (10) خاڵ بۆ ئەم زۆنە دیاریئەکرێت.

ئەم زۆنە گۆڕانکاری لە ژوورەکانی ناوەوەی بینا و خانوو دا و بەشەکانی هۆڵەکان و گۆڕانکاری کاتی لە بەشەکانی ناوەوەی ژوور دا ئەگرێتەوە.

داواکاری بۆ درووستکردنی ئەم جۆرە کارە ئەندازیارییانە ئاسانن، لە بەر ئەم هۆیانە:

أ- پلاندانان بۆ دابەشکردنی ڕووناکی یان، ئاسانە بۆ ئەندازیار، نزیکەی (2) خاڵ..

ب- پلاندانانی ژوورەکان و بەشەکانی تری بیناکە ئاسانە، نزیکەی (3) خاڵ..

ت- تەنها یەک (Function) یان هەیە، (1) خاڵ.

ث- کاری تەکنیکی یان ئاسانە، (1) خاڵ..

ج- گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە بۆیە و کەرەستەی بینا دا نییە، (1) خاڵ..

ح- گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە (Constructions detail) دا نییە، نزیکەی (2) خاڵ.

2 - **زۆنی دووهەم:** لە (11 تا 18) خاڵ بۆ ئەم زۆنە دیاریئەکرێت.

ئەم زۆنە گۆڕانکاری لە ژوورەکانی ناوەوەی بینای نیشتەجێبوون و نووسینگەکان و وەرشەکان و مەخزەنەکان و ژوورەکانی وەرزشگاکان و کۆشکەکان و سەنتەری بازاڕەکان و لە شێوانە ئەگرێتەوە.

داواکاری بۆ درووستکردنی ئەم جۆرە کارە ئەندازیارییانە گران نین، لە بەر ئەم هۆیانە:

أ- پلاندانان بۆ دابەشکردنی ڕووناکی یان، ئاسانە بۆ ئەندازیار، نزیکەی (2) خاڵ..

ب- پلاندانانی ژوورەکان و بەشەکانی تری بیناکە ئاسانە، نزیکەی (6) خاڵ..

ت- لە یەک (Function) زیاتریان هەیە، (2) خاڵ.

ث- کاری تەکنیکی یان ئاسانە، (2) خاڵ..

ج- گۆڕانکارییەکی زۆر لە بۆیە و کەرەستەی بینا دا نییە، (2) خاڵ..

ح- گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە (Constructions details) دا نییە، نزیکەی (4) خاڵ.

Saiwani

3 - **زۆنی سێهەم:** لە (19 تا 26) خاڵ بۆ ئەم زۆنە دیاریئەکرێت.
ئەم زۆنە گۆڕانکاری لە ژوورەکانی ناوەوەی بینای نێشتەجێبوون و نووسینگە و چێشتخانەکان و دائیرەکان و حەمامەکان و ژووری قوتابخانەکان و ئوتێلەکان و سەنتەری بازاڕەکان و لەم شێوانە ئەگرێتەوە.
داواکاری بۆ دروستکردنی ئەم جۆرە کارە ئەندازیارییانە گرانیەکی ئەوتۆیان تێدا نیە، لە بەر ئەم هۆیانە:

أ- پلاندانان بۆ دابەشکردنی ڕووناکی یان، ئاسانە بۆ ئەندازیار، نزیکەی (4) خاڵ..
ب- پلاندانانی ژوورەکان و بەشەکانی تری بیناکە قورس نین، نزیکەی (7) خاڵ..
ت- چەند (Function) یان هەیە، (3) خاڵ.
ث- کاری تەکنیکی یان ئاسان نییە، (3) خاڵ
ج- گۆڕانکارییەکان لە بۆیە و کەرەستەی بینا دا کێشەیەکی ئەوتۆ دروووست ناکەن، (2) خاڵ.
ح- گۆڕانکارییەکان لە (Constructions details) دا کێشەیەکی ئەوتۆ دروووست ناکەن، نزیکەی (7) خاڵ.

4 - **زۆنی چوارەهەم:** لە (27 تا 34) خاڵ بۆ ئەم زۆنە دیاریئەکرێت.
ئەم زۆنە گۆڕانکاری لە ژوورەکانی ناوەوەی بینا و خانووی نیشتەجێبوون و سەنتەری بازاڕەکان و کتێبخانەکان و چێشتخانەکان و ژووری سیمینار و پێشانگاکان و هۆڵی بۆنەکان و هۆڵی کۆبوونەوەکان و ئوتێل و بانقەکان و ژوور و هۆڵی دادگاکان و بینای شارەوانییەکان و مەلەوانگەکان و بەشەکانی هۆڵەکان و گۆڕانکاری کاتی لە بەشەکانی ناوەوەی ژوور دا ئەگرێتەوە.
داواکاری بۆ دروووستکردنی ئەم جۆرە کارە ئەندازیارییانە گرانن، لە بەر ئەم هۆیانە:

أ- پلاندانان بۆ دابەشکردنی ڕووناکی یان، گرانە بۆ ئەندازیار، نزیکەی (6) خاڵ..
ب- پلاندانانی ژوورەکان و بەشەکانی تری بیناکە قورسن، نزیکەی (8) خاڵ..
ت- چەند (Function) ی زۆریان هەیە، (4) خاڵ.
ث- کاری تەکنیکی یان گرانە، (4) خاڵ
ج- گۆڕانکارییەکان لە بۆیە و کەرەستەی بینا دا کێشە دروووست ئەکەن، (4) خاڵ
ح- گۆڕانکارییەکان لە (Constructions details) دا کێشەیەکی زۆر دروووست ئەکەن، نزیکەی (8) خاڵ.



Saiwani

5 - **زۆنی پێنجەم:** لە (35 تا 42) خاڵ بۆ ئەم زۆنە دیاریئەکرێت.

ئەم زۆنە گۆڕانکاری لە ژوورەکانی ناوەوەی بینای کۆنسێرت و شانۆ و ستۆدیۆ و بینای ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و بەشەکانی هۆڵەکان و گۆڕانکاری لە بەشەکانی ناوەوەی ژوور و هۆڵەکان دا کە چاوەڕوانییەکی بەرچاوی لە جوانی و ڕێکوپێکی دا لێئەکرێن و گۆڕانکاری لە ژوورەکانی ناوەوەی بینای پیشەسازی و لەم شێوانە ئەگرێتەوە.

گۆڕانکاری لە درووستکردنی ئەم جۆرە کارە ئەندازیارییانە دا زۆرگرانن، لە بەر ئەم هۆیانە:

أ- پلاندانان بۆ دابەشکردنی ڕووناکی یان، زۆر گرانە بۆ ئەندازیار، نزیکەی (6) خاڵ

ب- پلاندانانی ژوورەکان و بەشەکانی تری بیناکە زۆر قورسن، نزیکەی (9) خاڵ

ت- (Function) یکی زۆریان هەیە، (6) خاڵ

ث- کاری تەکنیکی یان زۆر قورسە، (6) خاڵ

ج- گۆڕانکارییەکان لە بۆیە و کەرەستەی بینا دا کێشەی زۆر درووست ئەکەن، (6) خاڵ

ح- گۆڕانکارییەکان لە (Constructions details) دا کێشەیەکی زۆر درووست ئەکەن، نزیکەی (9) خاڵ

Saiwani

# بەشی پێنجەم:
# کارە ئەندازیارییەکان بۆ دروستکردنی بینا و بۆ تەرمیم کردن و گۆڕانکاری لە بینادا

## مادەی چواردەهەم: کارە ئەندازیارییەکان

پێکهاتووە لە کاری ئەندازیاری جێبەجێکار (ألمتعاقد) بۆ دروستکردنی بینا و خانووی نوێ و دروستکردنەوەی بینا و خانووی دروستکراو و فراوان کردنی بینا و خانووی دروستکراو لە تەنیشت و لاکانیانەوە و زیاد کردنی ژمارەی نهۆمەکانی بینا و خانووی دروستکراو و مۆدێرنیزە کردن و تەرمیم کردنی بینا و خانووی دروستکراو.

کارە ئەندازیارییەکانیش بە پشتبەستن بە پەیوەستنامە لەگەڵ خاوەن پرۆژەدا و بە پێی چەند هەنگاوێکی جێبەجێکردن ڕێک ئەخرێن. هەنگاوەکانی کاریش ئەمانەی خوارەوەن:

1 - دارشتنی بناغەی کارەکە.
2 - پلانی سەرەتایی بۆ کارەکە (Prime planning).
3 - دیزاین کردنی کارەکە (نەخشەی تەلارسازی).
4 - کاری وەرگرتنی ئیجازەی دروستکردن بۆ پرۆژەکە.
5 - کاری دروستکردنی نەخشەکان (نەخشەی ئینشائی).
6 - بە تەندەرکردنی پرۆژەکە (Bill of Quantity).
7 - دانانی نرخی برگەکانی ناو تەندەرەکە و ناردنی تەندەر بۆ کۆمپانیاکان.
8 - ئیشراف کردنی دروستکردنی پرۆژەکە (Supervising).
9 - کۆنترۆڵ کردنی کاری دروستکردنی پرۆژەکە (Quality Controlling).

Saiwani

دارشتنی هەنگاوەکانی کاری ئەندازیاریش لەم خشتەیەی خوارەوە دا بۆ درووستکردنی بینا و خانووی تازە و ئەجسامی سەربەرەڵا و تەرمیم کردن و گۆڕانکاری لە بینا و خانوو دا بە ڕێژەی سەدی لە (Fee) دیاریکراو دا، ڕوون کراوەتەوە.

| ژمارە | هەنگاوەکانی کاری ئەندازیار | بینا و خانووی نوێ | ئەجسامی سەربەرەڵا | تەرمیم کردن گۆڕانکاری |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| 1 | **دارشتنی بناغەی کارەکە**<br>دۆزینەوەی مەرجەکان بۆ دارشتنی پلانی پرۆژەکە بە شێوەیەکی درووست بەهۆیپلاندانانی درووستەوە | 3 | 3 | 3 |
| 2 | **پلانی سەرەتایی**<br>درووستکردنی نەخشەکانی پرۆژەکە و پارچەکانی | 7 | 10 | 7 |
| 3 | **دیزاین کردنی پرۆژە**<br>کێشانی نەخشەکانی کۆتایی بۆ پرۆژەکە. | 11 | 15 | 14 |
| 4. | **ئیجازە وەرگرتن بۆ پرۆژەکە**<br>پێشکەشکردنی نەخشە و پلانەکان بە شارەوانی بۆ وەرگرتنی ئیجازەی درووستکردن | 6 | 6 | 2 |
| 5 | **نەخشەی ئینشائی**<br>کێشانی نەخشەی ئینشائی بۆ درووستکردنی پرۆژەکە | 25 | 24 | 30 |
| 6 | **بە تەندەر کردنی پرۆژەکە**<br>دۆزینەوەی بڕ و ڕووبەر و قەبارە و درووستکردنی خشتەی پرۆژەکان | 10 | 7 | 7 |
| 7 | **دانانی نرخی برگەکانی ناو تەندەرەکە**<br>دۆزینەوەی نرخی برگەکان | 4 | 3 | 3 |
| 8 | **ئیشراف کردنی درووستکردنی پرۆژەکە**<br>ئیشرافی درووستکردن لەسەر سایت | 31 | 29 | 31 |
| 9 | **کۆنترۆڵ کردنی کاری درووستکردنی پرۆژەکە**<br>کۆنترۆڵ کردن و لابردنی کەم و کووڕییەکانی پرۆژەکە دوای تەواو بوونی | 3 | 3 | 3 |

Saiwani

IB-SAIWANI

IB-Saiwani Beratender Ingenieur
Statik Planung Bauleitung Gutachten

Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin

هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی کاری ئەندازیاریش لەمانەی خوارەوە پێک دێن:

| ژمارە | کاری بنەڕەتی | کاری تایبەت |
| --- | --- | --- |
| 1 | **داڕشتنی بناغەی کارەکە** | وەرگرتنی سەرەتایی پرۆژەکە لە خاوەن پرۆژە |
| | گفتوگۆ کردن لەبابەت پرۆژەکەوە | شیکردنەوەی سایتەکە |
| | باس کردن و داڕشتنی هەنگاوەکانی کارەکە | داڕشتنی پلانی کارکردن |
| | ئیشارە پێدانی بەشداربووان لە پرۆژەکەدا | داڕشتنی پلانی بەشداربووان |
| | ئەنجامی گفتووگۆکە | چێک کردنەوە و گوونجاندنی پرۆژەکە لەگەڵ سرووشتی ناوچەکە دا |
| **ژمارە** | **کاری بنەڕەتی** | **کاری تایبەت** |
| 2 | **پلانی سەرەتایی** | ڕوونکردنەوە و دۆزینەوەی چارەسەری تر بۆ داواکارییەکان |
| | شیکردنەوەی گفتووگۆکان | |
| | داڕشتنی ئامانجەکان و دانانی کۆنسێپتیک بۆ دۆزینەوەی ئەڵتەرنەتیف بۆ کارەکە | داڕشتنەوە و تەواو کردنی پلانەکان بە پێی داواکارییەکان |
| | کێشانی نەخشەی ڕوونکردنەوە Skizz | داڕشتنی پلانی دارایی بۆ پرۆژەکە |
| | داڕشتنی کاری بەشداربوانی پرۆژەکە | شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان بینای پرۆژەکە و نرخی و بەکارهێنانی |
| | ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان پرۆژەکە و هۆکاری وەک ووزە و عەزل کردن و پلانی عومرانی و ئاستی ئابووری پرۆژەکە | داڕشتنی پرۆژەکە بە شێوەیەکی ڕوونتر بە درووستکردنی مۆدێل بۆ پرۆژەکە |
| | ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان پرۆژەکە و زەوی و کەش و ئاو و بوونی سەوزایی و هەبوونی ئاژەڵی بەرەڵا لە ناوچەکە دا | دۆزینەوەی هۆکارەکان بۆ کەم کردنەوەی نرخی تێچووی پرۆژەکە لە بابەت بەکارهێنانی ووزە و کارەبا و ئامێری کارەبایی |
| | ڕوونکردنەوەی لێژی زەوی پرۆژەکە و بە سەوزایی کردنی باغچەی پرۆژەکە و بەستنەوەی زەوییەکە بە جادەی هاتووچۆوە | |
| | خەمڵاندنی نرخی تێچووی پرۆژە بە نرخی بازاڕ | |
| | پووختەی ئەنجامەکان | |

Saiwani

**Saiwani, Asso**
Nordhauser Str. 19
D-10 589 Berlin
Tel.: 030/52689173

Berliner Sparkasse
6015470800
10050000

Steuer-Nr.: 13/503/65162
Ust-IdNr.: DE68591499

Geschäftsführer:
**Dr.- Ing. Asso Saiwani**
E-mail: info@saiwani.de

| ژمارە | کاری بنەڕەتی | کاری تایبەت |
|---|---|---|
| 3 | دیزاین کردنی پرۆژەکە | |
| | شیکردنەوەی کۆنسێپتی پلانەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گوونجاو بە ڕەچاو کردنی گەلێک فاکتۆری وەک باری ئابووری و پلانی عومرانی و بەکارهێنانی ووزە و داواکاری لە چۆنێتی هەڵبژاردنی کەرەستەی بینا بە یارمەتی بەشداربووان لە پرۆژەکە دا. شیکردنەوەی پلانەکانی ئەندازیارانی تر کە بەشدارن لە پرۆژەکە دا و گوونجاندنی پلانەکان لە گەڵ یەکدا و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتەکانی پلاندانانیان. | شیکردنەوە و دۆزینەوەی ئەڵتەرنەتیفی زیاتر بۆ پلانەکان لەگەڵ بەراورد کردنی نرخی تێچوویان دا. ئەژمار کردنی نرخی تێچووی پرۆژەکە بە هۆی دۆزینەوەی بڕی پارچەکان و بەکارهێنانی پرۆگرامی تایبەتی پەیوەست بەم کارە. کەم کردنەوەی ووزە بە بەکارهێنانی لە کات و شوێنی پێویست دا، بۆ کەم کردنەوەی نرخ و پارێزگاری سرووشت لە غازی زیانبەخش. دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ کەم کردنەوەی فەوتانی ووزەی گەرمایی ناو بیناکە بۆ دەرەوەی بەهۆی بەکارهێنانی کەرەستەی نەگەیەنەر وەک ستایرۆپۆر و تەپەدۆر لە دیوی دەرەوەی بەشە ڕاگرەکانی بیناکە وەک دیوار و سەقف. |
| | دارشتنی دیزاینی پرۆژەکە بە شێوەی نەخشە بە شێوەیەکی سەرەتایی بە سکێڵێکی گوونجاو بۆ پرۆژەی بینا و بە سکێڵی 1:500 بۆ پرۆژەی زەوی تەختانی لەگەڵ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ چاندنی داروردەخت و بە سەوزایی کردنی ڕووبەرەکان و بە سکێڵی 1:50 بۆ پرۆژەی گۆڕانکاری لە بینای درووستکراو دا. گفتووگۆ کردن لەگەڵ دائیرە پەیوەندیدارەکان دا بە تایبەتی بەرێوەبەرایەتی ئیجازەی خانوو. ئەژمار کردنی نرخی تێچووی پرۆژەکە بە پێی نرخی باو لە بازاڕدا بۆ کەرەستەی بینا و هێزی کار. کۆنترۆڵە کردنی نرخی تێچووی پرۆژەکە لەگەڵ بەراوورد کردنی نرخی خەملێنراو دا. | |

Saiwani

| ژمارە | کاری بنەڕەتی | کاری تایبەت |
|---|---|---|
| 4 | **ئیجازە وەرگرتن بۆ پرۆژەکە** | بەشداریکردن لە وەرگرتنی ڕەزامەندی دراوسێکانی پارچە زەوییەکە بۆ کاری پێویست. |
| | ئامادە کردنی نەخشەکان و پلانەکان لەگەڵ پلان و نەخشەی بەشداربووانی تردا لە پرۆژەکە دا و حازر کردنی بۆ دائیرەی ئیجازە پێدانی درووستکردنی پرۆژەکە و بە ئەنجام گەیاندنی هەموو داواکارییەکانی دائیرەی ئیجازە پێدان لە نەخشەی زیادە و نووسراوی تایبەت بە پرۆژەکە و ناردنی دۆکیومێنتی پێویست دا. | ئامادە کردنی تەحلیلاتی ئینشائی بۆ چێک کردنەوەی. |
| | گفتووگۆ کردن لەگەڵ دائیرە پەیوەندیدارەکان دا، بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە پێدانی ئیجازەوە هەیە وەک بەرێوەبەرایەتی کەلەپوور. | یاریدە کردنی خاوەن پرۆژە لە کاتی درووست بوونی کێشە دا لەگەڵ کۆمپانیاکان دا لەبەردەم دادگا دا. |
| | وەرگرتنی ئیجازە بۆ پرۆژەی زەوی تەخت و گۆڕانکاری لە بینا و خانووی درووستکراو دا بە پێی پێویست و داواکردن. | گۆڕانکاری لە نەخشە و پلانەکان دا بۆ وەرگرتنی ئیجازەی بیناکە، هەرچەندە ئەگەر هۆکارەکەشی ئەندازیار لێپرسراو نەبێت لێی. |

| ژمارە | کاری بنەڕەتی | کاری تایبەت |
|---|---|---|
| 5 | **نەخشەی ئینشائی** | ئامادەکردنی لیستێک بۆ پێناس کردنی پرۆژەکە وەکو بناغەیەک بۆ هەنگاوەکانی جێبەجێکردن. |
| | دیراسەکردنی هەنگاوی 3 و 4 و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان بە لەبەرچاو گرتنی پلانی عومرانی ناوچەکە و باری ئابووری پرۆژەکە و کەم کردنەوەی ووزە. | چێک کردنەوەی عەرضی کۆمپانیاکان پەیوەست بە پرۆژەکە و بەراووردکردنی بە لیستە ئامادە کراوەکان. |
| | کێشانی نەخشەکانی پرۆژەکە کە لە سەریان کاری درووستکردنی پرۆژەکە ئەنجام ئەدرێت. بۆ نموونە نەخشەی کۆتایی نهۆمەکان و واجیهە و دیتەیلەکان بە سکێلی 1:200 تا 1:50.<br>بۆ پرۆژەی گۆڕانکاری لە بینا و خانووی درووستکراو دا بە سکێلی 1:25 تا 1:1 بە تێکستەکانیانەوە. | بەراووردکردنی نەخشەکانی کۆتایی بۆ درووستکردنی پرۆژەکە لەگەڵ نەخشەکانی سەرەتایی دا کە بۆ دیزاین کردنی پرۆژەکە ئامادە کرا بوون.<br>ئامادەکردنی مۆدێل بۆ پرۆژەکە. |
| | دیاریکردنی جۆری مەتریاڵی بەکارهاتوو لە پرۆژەکە دا و گرنگی بۆ بەشداربووانی تری پرۆژەکە بۆ ئەوەی پلانەکانیان لەسەری بە ئەنجام بگەیەنن. | بەراووردکردنی نەخشە و پلانەکانی بەشداربووانی تر لە پرۆژەکە دا. بۆ نموونە نەخشە و دیتەیلی مەوادی لە شێلمان درووستکراو |

Saiwani

| ژماره | کاری بنەڕەتی | کاری تایبەت |
|---|---|---|
| 6 | به تەندەر کردنی پرۆژەکە | |
| | دۆزینەوەی بر بۆ ئامادەکردنی تەندەری پرۆژەکە بە یارمەتی هەموو بەشدار بووانی تری ناو پرۆژەکە لە ئەندازیاران و کارمەندان. | ئامادەکردنی (BoQ) بەهۆی پرۆگرامی تایبەتەوە و دۆزینەوەی ئەلتەرنەتیف بۆ لیستی بر. |
| | ئامادەکردنی (BoQ) بەهۆی دۆزینەوەی بری مەواد و رووبەر و قەبارەی پارچەکانی بینای پرۆژەکەوە. | بەراووردکردنی نرخی تێچووی پرۆژەکە بە لیستە جیاوازەکان. |
| | ئیستیشارە کردنی بەشداربووان لە پرۆژەکەدا و بەراووردکردنی لیستی بر لەگەڵ پلانەکان دا. | |

| ژماره | کاری بنەڕەتی | کاری تایبەت |
|---|---|---|
| 7 | دانانی نرخی برگەکانی ناو تەندەرەکە | |
| | وەرگرتنی عەرضی کۆپانیاکان بۆ درووستکردنی پرۆژەکە. | چێک کردنەوەی نرخە پێشکەشکراوەکان لە لایەن کۆمپانیاکانەوە و بەراوورد کردنیان بە یەکتری، بۆ درووست کردنی پرۆژەکە |
